# سوترەی نوێژکەر

## حوکم و ئادابەکانی

## لە سوننەتی ( صحیح )ی پێغەمبەری خوادا ( ﷺ )

✐ ماموٚستا : عدنان بارام

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی:**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله ومن والاه . أما بعد:

نەزانین و کەم ئاگایی لە گەورەترین سەرچاوەی ئایینی ئیسلام ـــ دوای قورئانی پیرۆز ـ کە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایە ﷺ وای لە موسڵمانان کردووە زۆر لە واجبات و پێویستیەکانی ئایین و سوننەتەکانی پێغەمبەری خوایان ﷺ لە بیر چووبێتەوە، و لە کردار و گوفتاریان دا ڕەنگ نەداتەوە، بۆیە لە زۆر فەرموودەدا پێغەمبەری خوا ﷺ هانی موسڵمانانی داوە کە بانگەشە بکەن بۆ زیندووکردنەوەی ڕێچکە و ڕێباز و سوننەتەکانی، بەو کارەشیان پاداشتی

**بەشی یەکەم**

ئەوانەشیان دەست دەکەوێت کە لەوانەوە ئەو ئەحکامانە وەردەگرن، هەروەکو فەرموویەتی:

" من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا ..." [1].

واتە: هەر کەسێك بانگەشە بکات بۆ چاکەیەك، ئەوا وەکو پاداشتی هەموو ئەو کەسانەی بۆ دەنووسرێت کە کردەوە بەو چاکەیە بکەن، بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی ئەوانیش کەم بێتەوە .

وە فەرموویەتی:

" من سن في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل ا من غير أن ينقص من أجورهم شيئا " [2].

---

(١) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٨٦٥) .

(٢) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٥٥٤) .

واتە: هەر کەسێك سوننەتێك یان چاکەیەك لە ناو موسڵمانانەدا زیندوو بکاتەوە، ئەوا وەکو پاداشتی هەموو ئەو کەسانەی بۆ دەنووسرێت کە کردەوە بەو سوننەتە یان ئەو چاکەیە دەکەن، بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی ئەوانیش کەم بێتەوە .

یەکێکیش لەو فەرمایشە ئایینیانەی کە لە ناو موسڵماندا زۆر نامۆ و غەریب بووە لە ڕۆژگاری ئەو ڕۆدا، دانانی سوترەیە لە پێش نوێژکەردا، کە لە چەندین فەرموودەی (صـحیح) و سەلمێنراوی پێغەمبەری خوادا ﷺ پێمان گەیشتووە، کە جێی داخە لە واقیعی موسڵماناندا ـ بە ڕادەیەکی کەم نەبێت ـ بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو بگرە هەندێك سەرەنەزانکار هەن بە ئەنقەست ئەو کارە ئەنجام نادەن بۆ چەواشە کردن و دورخستنەوەی موسڵمان لە سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەیان ﷺ! کەچی لەو لاشەوە لافی ئەوە لێدەدەن کە ئەوان ئەیانەوێت دەوڵەتی ئیسلامی بهێننە کایەوە !

بۆیە ـ **موسڵمانی بەڕێز** ـ بە پێویستی دەزانم ئەم کورتەیە سەبارەت بە سوترە بخەمە پێش دەستی تۆی بەڕێز، بۆ ئەوەی پێی ئاشنا ببیت و لە ژیانی ڕۆژانەشتدا ئەنجامی بدەیت، بەڵکو خوای پەروەردگار بە میهرەبانێتی خۆی من و تۆی بەڕێزیش بکات بە زیندوکەرەوانی سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ، و ئەو کردەوەیەشمان لە تەرازوی چاکەکانماندا بنووسێت، و لە ڕۆژێکدا پاداشتمان بداتەوە کە:

﴿ يوم لَا ينفَع مالٌ ولَا بنونَ إلَا مـن أَتى الله بِقَلْبٍ سليمٍ ﴾.

[سورة الشعراء: ٨٨ – ٨٩].

## سوترە چی یە ؟

ئەگەر بڕوانرێتە سەرچاوە زمانەوانیەکان بۆ زانینی وواتای ووشەی ( **السُترة** ) ئەوا دەبینین ئەم ووشەیە: بە هەموو شتێك دەووترێت کە بۆ پاراستن بە کار بهێنرێت: " السترة ما

استترت به من شيء كائنا ما كان وهـو أيضا الستار الستارة والجمع الستائر" [٣].

پاشان ئەم ووشـەیە تایبـەت کـراوە بەو شتەی کـە نوێژکـەر لـە پـێش خـۆی دای دەنێـت بـۆ ئـەوەی بیپارێزێـت لـە ڕۆیـشتنی خـەڵك بـە پێشیدا، هـەروەکو ( **الفيومي** ) فەرموویەتی:

" و السترة بالضم ... قال ابن فارس: السترة: ما استترت به كائنا ما كان ... و يقال لما ينصبه المصلي قدامه علامة لمصلاه من عصا و تسنيم تراب وغيره سترة لأنـه يستر المار من المرور أي يحجبه " [٤] .

وە( أبو الفتح المطـرز ) فەرموویـەتی: " السترة: الستر، وقـد غلبت على ما ينصبه المصلي قدامه من سوط أو عكازة " [٥] .

کەواتـە پەیوەنـدی یـەك هەیـە لـە نێوان بنـەوای زمانـەوانی کـە پاراسـتن و داپۆشینە، لە گەڵ بەکارهێنانە شـەرعی یەکەی کە هەر بۆ پاراستن و ڕێگرتنە لە تێپەڕ بوونی خـەڵك بـە نێـوان نوێژکـەرو سوترەکەی .

## حیکمەت لە دانانی سوترە:

زانایان لە باسی حیکمەت لە دانـانی سـوترەدا فەرموویانـە کـە دانـانی بـۆ پاراسـتنی چـاوی نوێژکەرانـە لـە سەیرکردنی ئـەو شـتانەی کـە دەکەونـە ئەو دیوی سوترەی نوێژکەرەوە، یان بۆ ڕێگرتنە لە ڕۆیشتنی ئـەو کەسـانەی کـە دەیانـەوێت بـە نێـوان نوێژکـەر و سوترەکەیدا بـڕۆن، هـەموو ئـەوەش بـۆ پتـەوکردنی (**خـشوع** )ی نوێژکـەرە لـە نوێژەکەیدا، لـە سەرچـاوەکاندا هـاتووە کە زانایان لەو بارەیەوە فەرموویانە:

" قال العلماء: والحكمة في الـسترة كف البصر عما وراءها، ومنع من يجتـاز بقربه" [٦] .

## حوکمی سوترە:

زانایـان جیـاوازن لـە حـوکمی سوترەدا:

هەنـدێکیان بـۆ ئـەوە دەچـن کـە سوترە سوننەت بێت، کەچـی هەنـدێکی

---

(٣) العين: (٧ / ٢٣٦) ولسان العـرب: (٤ / ٣٤٤) ومـختار الصحاح: (١ / ١٢٠) والـمطلع على أبواب المقنع: (١ / ٨٨) ومعجم البلدان: (٣ / ١٨٧) .

(٤) المصباح المنير: ( ١ / ٢٦٦ ) .

(٥) المغرب: ( ١ /٣٨١ ـ ٣٨٢ ) .

(٦) شرح صحيح مسلم: ( ٤ / ٢١٦ )، نيل الأوطار: (٣ / ٣ )، سبل السلام: ( ١ / ١٤٣ ) .

تریان بۆ ئەوە دەچن کە دانانی سوترە واجب بێت نەك سوننەت، لە بەر فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەو کارە، و نەهی کردنیشی لە کردنی نوێژ بە بێ سوترە .

بێگومان بۆچوونی هەڵبژاردە بۆچوونی ئەو زانایانەیە کە فەرموویانە: دانانی سوترە واجبە لە سەر نوێژکەر، ئەوەش لە بەر ئەم فەرموودانەی خوارەوە:

( أبو سعيد ) ی ( الخـدري ) ؓ بۆمان دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی:

" إذا صلّى أحدكم، فليصلّ إلى سترة وليدن منها، ..." (٧) .

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە نوێژی کرد، با نوێژکردنەکەی ڕووە و سوترەیەك بێت، ولێیشی نزیك بێتەوە.

پێشەوا ( **الشوكاني** ) - بەڕەحمەت بێت - سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی: (قوله: "فليصل إلى سترة" فيه أن اتخاذ السترة واجب) (٨) .

واتە: ئەو ووتەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: فليصل إلى سترة، بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە سوترە واجبە.

شێخی پایە بەرزی ئیسلام شێخ (**الألباني**) ـ بە ڕەحمەت بێت - سەبارەت بە حوکمی سوترە، و بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی دەڵێن سوترە سوننەتە دەفەرموێت:

(القول بالاستحباب ينافي الأمر بالسترة في عدة أحاديث ذكر المؤلف أحدها، وفي بعضها النهي عن الصلاة إلى غير سترة، و ذا ترجم له ابن خزيمة في "صحيحه" فروى هو ومسلم عن ابن عمر مرفوعا: " لا تصل إلا إلى سترة" ...

واتە: ووتنی ئەوەی کە سوترە سوننەتە، پێچەوانە و ناکۆکە لەگەڵ فەرمان کردن بە سوترە، لە چەندەها فەرموودەدا، دانەر یەکێکیانی باس کردوە، لە هەندێك لە فەرموودەکانیشدا نەهی کراوە لە نوێژکردن بە بێ سوترە، پێشەوا (**ابن خزيمة**)ش لە (**صحيح**)ەکەیدا ناونیشانێکی وای بۆ داناوە، ئەو و (**مسلم**) یش لە (**ابن**

(٧) صحيح سنن أبي داود رقم: (٦٩٨) .
(٨) نيل الأوطار: ( ٣ / ٢ ) .

**عمر**)ەوە بە (**مرفوع**)ی لە پێغەمبەری خـــوا ﷺ گێڕاویانەتـــــەوە كـــــە فەرموویەتی:...

وإن ما يؤكد وجوبها، أنها سبب شرعي لعدم بطلان الصلاة، بمرور المرأة البالغة والحمار والكلب الأسود، كما صح ذلك في الحديث، ولمنع المار من المرور بين يديه، وغير ذلك من الأحكام المرتبطة بالسترة، وقد ذهب إلى القول بوجوبها الشوكاني في: (**نيل الأوطار** / ٣: ٢) و ( **السيل الجرار** / ١: ١٧٦) وهو الظاهر من كلام ابن حزم في:(**المحلى: ٤** / ٨-١٥) " [٩].

واتە: وە ئەوەش كە زیاتر جەخت بكات لەسەر پێویست ( **واجب** ) بوونی، هۆكـــارێكی شـــەرعیە بـــۆ بـــەتاڵ نەبوونەوەی نوێژ، ئەگەر ئافرەتی باڵغ بوو، و گوێ درێژ، و سەگی ڕەش بە پێشیدا بڕوات، هەروەكو لە فەرموودەدا جێگر و سەلمێنراوە، وە بۆ ڕێگرتن لە تێپەڕبوونی كەسێك بە بەردەستیدا، و جگە لەو حوكمانەی كە پەیوەستن بە سوترەوە، وە پێشەوا (**الشوكاني**) بۆچوونی وایە كە سوترە واجبە، ئەوەش لە ( **نيل الأوطار** )، و (**السيل الجرار**) دا، ڕواڵەتی ووتەی (**ابن حزم**) یش هەر ئەوە دەگەیەنێت، هەر وەكو لە (**المحلى**) دا هاتووە .

وە پرسیار كرا لە شێخی پایە بەرزی ئیسلام شێخ ( **مقبل بن هادي الوادعي**) سەبارەت بە حوكمی سوترە كە ئەمە پرسیارەكەیە، لە گەڵ وەڵامەكەیدا:

**پرسیار:** حوكمی سوترە دانان چیە لە نوێژدا، لەگەڵ بەڵگە بۆ ئەو كارە .. ؟

**وەڵام:** سەبارەت بە حوكمی سوترە، ووتەی هەڵبژاردە و ڕاست ئەوەیە كە بووترێت واجبە، لە بەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ كە فەرموویەتی:

" إذا صلّى أحدكم، فليصلّ إلى سترة، وليدن منها ... "،

واتە: ئەگەر یەكێك لە ئێوە نوێژی كـــرد، بـــا نوێژكردنەكـــەی ڕووە و

(٩) تمام المنة ص: (٣٠١) .

ســـوترەيەك بێـــت، ولێـــشی نزیـــك بێتەوە [١٠] .

وە پێغەمبــــــەری خــــــوا ﷺ فەرموویـەتی" لا تصل إلا إلى سترة، ولا تدع أحدا يمر بين يديك، ... " [١١] .

واتــە: نویــژ مەکــە ئــیللا ڕووەو بەربەسـتیك نـەبێ، ڕێگـەش بـە کـەس مەدە بە بەردەستدا تێپەڕێت، ...

پێشەوا ( **الشوكاني** ) ـ بەڕەحمـەت بێت ـ سـەبارەت بـەو فەرموودانـەی کـە ســـەبارەت بـــە ســـوترە هـــاتوون فەرموویەتی:" **فائدة**: إعلـم أن ظـاهر أحاديث الباب، عدم الفرق بين الصحارى والعمران وهو الذي ثبت عنـه ﷺ مـن اتخاذه السترة سواء كان في الفـضاء أو في غيره " [١٢] .

واتــە: سـوودێك: بزانـە کـە ڕواڵـەتی ئەو فەرموودانەی کـە لێـرەدا سـەبارەت بـــە ســـوترە هێناومانەتـــەوە، هـــیچ جیاوازیـەك ناکــەن لــە نێـوان دانـانی سوترە لە چۆڵەوانی بێت، یان ئاوەدانی، هــەر ئەوەشــە جــێگیر و ســەلمێنراوە لێ یــەوە ﷺ لــە دانــانی ســوترە لــە چۆڵەوانی بێت، یان لە شوێنی تر .

وە شــێخی ( **الألبـــاني** ) – بـــە ڕەحمـەت بێـت ـ لـە بەرپـەرچ دانـەوەی ئەو کەسانەی کە فەرموودەکەی ( ابـن عباس ) کە تێیدا فەرموویەتی:

" أن النبي ﷺ: صـلى في فـضاء، وليس بين يديه شئ " دەکەنـە بەڵگـە بـۆ ئەوەی کە دانانی سوترە سـوننەتە نـەك واجـب، فەرموویـەتی: " أن حديث ابـن عباس - الذي استدل به - لا يصح مـن قبل إسناده، فيه الحجاج بن أرطاة، وهـو ضعيف مدلس وقد عنعنه، وهـو مخـرج عندي في( الأحاديث الـضعيفة / بـرقم: ٥٨١٤ ) مع أحاديث أخرى بمعناه" [١٣] .

واتە: فەرموودەکەی ( **ابن عبـاس** ) ـ کە کراوەتە بەڵگە ـ ( **صحيح** ) نىيـە لـە لایەن سەنەدەکەیەوە، چونکە ( الحجاج بن أرطاة ) تێدایە، و ئەویش: ( **ضعيف** ) و (**مدلس** ) ەو ( **عنعن** )ەشی کردووە.

---

( ١٠) تحفة ا يب على أسئلة الحاضر و الغريب: أسـئلة إخوة من أمريكا، السؤال: (١٢١) .

(١١) قال العلامة الألباني: رواه ابن خزيمة في " صحيحه " ( ١ / ٩٣ / ١ ) بسند جيد .

( ١٢) نيل الأوطار: ( ٣ / ٦ ) .

( ١٣) تمام المنة ص: (٣٠٥) .

**سوترە بە چی دەبێت، و دیاریکردنی بەرزیەکەی لە سوننەتدا :**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " إذا وضع أحكم بين يديه مثل مـؤخرة الرحـل، فليصل ولا يبالي من مـر وراء ذلك " [١٤] .

واتە: ئەگەر هەریەك لە ئێوە وەکو ئەو دارەی لەبەردەستدا بێ کە لەدواوەوەی زینی وڵاخدا هەیە، ئەوا با نوێژەکەی بکات و هیچ باکێکی نەبێ بەو کەسانەی کە بەودیوی بەربەستەکەدا دەڕۆن .

پێشەوا (**النـووي**) سەبارەت بە واژەکردنی ووشەی ( **مـؤخرة** ) لەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی: ( **المـؤخرة**:... وهي العود الذي في آخـر الرحل) [١٥].

واتە: ( **المؤخرة** ): ئەو دارەیە کە لە پشکەی زینی وڵاخدا هەیە .

وە سەبارەت بەم فەرموودەیە فەرموویەتی: وفي هذا الحديث ... **وبيان** أن أقل السترة: مؤخرة الرحل، وهي قـدر عظم الذراع، هو نحو ثلثي ذراع، ويحصل بأي شيء أقامه بين يديه هكذا[١٦] .

واتە: لەم فەرموودەیەدا ... ئەوەمان بۆ ئاشکرا کراوە کە کەمترین بەرزی بۆ سوترە: وەکو ئەو دارەیە کە لە پشکەی زینی وڵاخدا هەیە، کە ئەوەندەی ئێسکی باڵێك دەبێت، ئەویش سێیەکی باڵێکی تەواوە، سوترەیش بە هەرشتێك لەو شێوەیە بێت بە جێ دەهێنرێت لە پێش دەستی خۆیدا دایبنێت .

کەواتە: سوترە بە هەموو شتێك دەبێت کە بستێك یان لە بستێك زیاتر بەرز بێت .

## چی لە سوننەتدا هاتووە کە کرابێت بە سوترە ؟

لەو شتانەی کە لە سوننەتدا هاتوە کە پێغەمبەری خواﷺ، یان هاوەڵان و پێشین کردبێتیان بە سوترە:

**یەکەم: کۆڵەکەکانی مزگەوت:**

( ١٤) صـحيح مـسلم (بـاب سـترة المـصلى) رقم:(٤٩٩) .

( ١٥) شرح صحيح مسلم ( ٤ / ٢١٦ ) .

( ١٦) شرح صحيح مسلم ( ٤ / ٢١٦ ) .

( **يزيـــد بـــن أبـــي عبيـــد** ) دەگێڕێتـــەوە، و دەفـــەرموێت، لەگـــەڵ ( **سـلمة** ) ەی کـوڕی ( **الأکـوع** )دا ﷺ دەڕۆیشتمە مزگەوتـەوە، نوێـژی ڕووە و کۆڵەکـەکانی مزگـەوت دەکـرد، دەڵێـت: پێم ووت: ئەی (أبـو مـسلم) دەتبینـم هـــەوڵ دەدەیـــت ڕووەو کۆڵەکـــەکانی مزگـەوت نوێـژ دەکـەیت؟ ئـەویش لـە وەلامدا فەرمووی:

" إني رأيــت الــنبي ﷺ يتحــرى الصــلاة عندهــا " [١٧] .

واتە: پێغەمبەری خوام ﷺ دەبینی هـــەوڵی ئـــەوەی دەدا ڕووەو ئـــەم کۆڵەکەکانە نوێژ بکات .

وە ( **عمر** )ی کوڕی ( **خطاب** ) ﷺ دەیفەرموو:

" المصلون أحــق بالــسواري مــن المتحدثين إليها " [١٨] .

واتە: نوێژکەران ئەولاترن ( لە پێش هەموانن ) بە کۆڵەکەکانی مزگـەوت لـەو کەسانەی کە گفتوگۆیان لەپاڵ دەکەن .

وە ( **أنــس** ) ی کــوڕی ( **مالــك** ) دەیفەرموو:

" لقد رأيت كبار أصحاب النبي ﷺ يبتدرون السواري ... " [١٩] .

واتـــە: هاوەڵـــە گـــەورەکانی پێغەمبـــەری خـــوام ﷺ دەبینـــی ﷺ، هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕووەو کۆڵەکەکانی مزگەوت نوێژ بکەن .

**دووەم: خەنجـەر ئەگـەر بەزەویـدا بچەقێنرێت:**

ئەگەر پێغەمبـەری خـوا ﷺ نوێـژی لـە دەشـتێك دا ئـەنجام بدایـە، و هـیچ شـتێك نەبوایـە بیکـات بـە بەربەسـت، خەنجـەرێکی لـە بەردەسـتدا بەزەویـدا دەچـەقاند، پاشـان نوێـژی ڕوەو ئـەو خەنجـەرە دەکـرد، و خەڵکەکـەش بـە دوایـدا بـوون، هـەروەکو ( **ابـن عمـر** ) بۆمان دەگێڕێتەوە:

(١٧) صحيح البخاري (باب الصلاة إلى الأسـطوانة) رقم: (٤٨٠) .

(١٨) رواه البخـاري معلقـاً في (بـاب الـصلاة إلى الأسطوانة ) انظر فتح الباري: ( ١ / ١٨٩) .

(١٩) المصدر نفسه .

" أن رسول الله ﷺ كان إذا خـرج يوم العيد أمر بالحربة فتوضع بـين يديـه فيصلي إليها والناس وراءه ... " [٢٠] .

واتـە: ئەگـەر پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەربـچوایە بـۆ نوێـژی جـەژن، لـە ڕۆژی جەژنـدا، فـەرمانی دەکـرد بـەوەی کـە خەنجـەرێکی لــە بــەر دەســتدا بــۆ بچەقێنرێت بـە زەویـدا، پاشـان نوێـژی ڕووەو ئـــەو خەنجـــەرە دەکـــرد، و خەڵکەکەش بە دوایدا بوون .

**ســـێیەم: جـــاری واش هـــەبوو وڵاخەکەی دەکرد بە سوترە:**

( **ابن عمر** ) بۆمان دەگێڕێتەوە کـە پێغەمبـەری خـواﷺ هەنـدێك جـار " يعرض راحلته فيصلي إليها " [٢١] .

واتاکەشــی ئەوەیــە کــە پێــشەوا (**النووي**) فەرموویـەتی: " قوله: ( كـان يعرض راحلته ويصلي إليها ) ...، ومعناه: يجعلها معترضة بينه وبين القبلة " [٢٢] .

واتە: وڵاخەکەی دادەنا لە نێوان خـۆی و قیبلـــــە، و ڕووی لێدەکـــــرد لـــــە نوێژەکەیدا .

لێـرەدا ڕەنگـە پرسـیارێك لـە بـیری خوێنـــەردا دروســـت ببێـــت، ئـــەویش ئەوەیـە: ئایـا چـۆن ئـەم فەرموودەیـە لە گەڵ ئـەو فـەرموودەدا پێـك دێـت کـە پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ تیایـــدا نـــەهی کردووە لە نوێژکردن لە پەچەی ووشتردا ( أعطان الإبل ) ؟!

ئەوەش لەو فەرموودەیدا کـە تێیـدا فەرموویـەتی:"ولا تـصلوا في أعطـان الإبل"[٢٢].

لـە وەڵامـدا دەووترێـت ـ هـەروەکو شێخ ( **محمـد ناصـر الـدين الألبـاني** ) ـ رحمه الله ـ فەرموویەتی: " ئەمە نوێژ لە پەچـەی ووشـتردا ( **أعطـــان الإبـــل** ) ناگرێتەوە، چونکە پێـچەوانەیەتی و، و"

---

( ٢٠) صحيح البخاري (بـاب الـصلاة إلى الحربـة) رقم: (٤٧٦) وصحيح مسلم (بـاب سـترة المـصلى) رقم: (٥٠١) .

( ٢١) صحيح البخاري (باب الصلاة إلى الراحلة والبعير والشجر والرحل) رقم: (٤٨٥) .

( ٢٢) شرح صحيح مسلم: ( ٤ / ٢١٨ )، و صـحيح مسلم رقم: (٥٠٢) .

(٢٢) صحيح سنن ابن ماجه رقـم: (٧٦٨)، واتـە: لـە پەچەی ووشتردا نوێژ مەکەن .

پێغەمبەری خواش ﷺ نەهی لێ کردوە " [٢٤] .

وە پێشەوا ( **النووي** ) فەرموویەتی: " فيه دليل على جواز الصلاة الى الحيوان، وجواز الصلاة بقرب البعير، بخلاف الصلاة في أعطان الابل " [٢٥] .

واتە: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ڕەوایە ڕووەو ئاژەڵ نوێژ بکرێت، لە گەڵ ڕەوایی نوێژکردن لە نزیك ووشتر، بە پێچەوانەی نوێژکردن لە پەچەی ووشتردا .

وە پێشەوا ( **ابن حجر** ) یش ـ بە ڕەحمەت بێت ـ فەرموویەتی: " پێشەوا (**القرطبي**) فەرموویەتی: ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ڕەوایە ئاژەڵێك لە جێگەی خۆیدا جێگیر بوو بێت بکرێت بە سوترە، ئەوەش پێچەوانەی نی یە کە نەهی دەکات لە نوێژکردن لە پەچەی ووشتردا، چونکە پەچەکەی شوێنی مانەوەیەتی، لەگەڵ شوێنی بوونی ئاوی خواردنەوەکەی: لەو کاتەشدا مەکروهیەتی نوێژکرن لە پەچەکەیدا: یان لە بەر توندی گەنیوی بۆنەکەیەتی، یان لە بەر ئەوەی لە نێوانیاندا دەچوونە سەرئاو بۆ ئەوەی بەو ئاژەڵانە خۆیان بپارێزن لە چاوی خەڵك " [٢٦] ❁ .

**چوارەم: هەندێك جاریش داری زین و پشکەی ووشترەکەی دەکرد بە سوترە:**

وە هەندێك جاریش پێغەمبەری خوا ﷺ هەروەکو ( **ابن عمر** ) بۆمان دەگێڕێتەوە

" ... كان يأخذ هذا الرحل، فيعدله، فيصلي إلى آخرته، أو قال مؤخره، وكان ابن عمر رضي الله عنه يفعله " [٢٧] .

---

( ٢٤) چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ: ل ( ٢٢) .

( ٢٥ ) شرح صحيح مسلم: ( ٤ / ٢١٨ ) .

( ٢٦) فتح الباري: ( ١ / ٥٨٠ ) .

❁ ئەوەی لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیر و سەلمێنرابێت، سەبارەت بە هۆکاری نەهی کردن لە نوێژکردن لە پەچەی ووشتردا ئەوەیە کە لەم فەرموودەدا هاتبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ...، ولا تصلوا في أعطان الإبل فإ ـا خلقت من الشياطين " جزء من حديث صححه العلامة الألباني في سنن ابن ماجه ( ١ / ٢٥٣، برقم: ٧٦٩، وفي صحيح الجامع: بـرقم: ١٤٣٩، وبـرقم: ٣٧٨٨ ). واتە: وە نوێژ مەکەن لە پەچەی ووشتردا، چونکە لە شەیتانەکانەوە دروست کراون .

( ٢٧ ) صحيح البخاري رقم: (٤٨٥) .

واتــە: زیــن و پــشکەی وڵاخەکــەی دەهێنا، و ڕێکی دەخست، و ڕووی لەو دارە دەکـرد کـە لــە زیــن و پــشکەی وڵاخەکەی دا هەبوو، خودی ( **ابن عمر** ) یش ئەم کارەی ئەنجام دەدا .

وە دەیفەرموو:

" إذا وضع أحكم بين يديـه مثـل مؤخرة الرحل فليصل ولا يبالي من مر وراء ذلك " [٢٨] .

واتە: ئەگەر هەریەك لـە ئێوە وەكو ئــەو دارەی لەبەردەســتدا بــێ کــە لەدواوەوەی زینی وڵاخدا هەیە، ئـەوا بـا نوێژەکەی بکات و هیچ باکێکی نەبێ بەو کەسانەی کـە بـەودیوی بەربەستەکەدا دەڕۆن .

**پێنجـەم: هەنـدێك جـاریش ڕووە و دارێك نوێژی دەکرد:**

لـە ( **علـي** ) ﷺ دەگێڕنــەوە کـە فەرموویەتی:

" لقد رأيتنا ليلة بدر وما منا إنسان إلا نائم إلا رسول الله ﷺ فإنه كان يصلي إلى شجرة ويدعو حتى أصبح " [٢٩] .

( ٢٨ ) صـحيح مـسلم (بـاب سـترة المـصلى) رقم: (٤٩٩).

واتە: لە شەوی بەدردا کەسێکمانت نەدەبینی بە خەوتووی نەبێت، جگـە لـە پێغەمبــەری خــوا ﷺ نــەبێت، ڕووەو دارێك نوێژی دەکرد و دەپاڕایـەوە تـاکو ڕۆژی کردەوە .

**شەشـەم: جـاری واش هـەبوو ڕووەو جێگە خەوتنەکەی نوێژی دەکرد:**

وە جـاری واش هــەبوو پێغەمبــەری خــوا ﷺ ڕووەو جێگــە خەوتنەکــەی نوێژی دەکرد ، و (**عائـشة**)ش( خـوای لێ ڕازی بێت) بەسەریەوە و لە ژێر لێفەکەی دا ڕاکشابوو، هـەروەکو دایکـە (**عائـشة**) بۆمانی دەگێڕێتەوە، و دەفەرمووێت:

" كان النبي ﷺ يصلي، وأنا راقـدة معترضة على فراشه، فـإذا أراد أن يـوتر أيقظني، فأوترت " [٣٠] .

واتــە: پێغەمبــەر ﷺ نوێـژی دەکـرد، منیش لە نێوان ئەو و قیبلەدا بـووم، لـە ســەر جێگــە خەوتنەکـەی، جـا ئەگــەر

( ٢٩ ) رواه أحمد في مسنده رقم: (١١٦١)، والنـسائي في السنن الكبرى رقم: (٨٢٣)، والطـبري في تاريخـه: (٢/ ٢٣)، وصححه الألباني في صفة صـلاة الـنبي ﷺ ص: ( ٨٣ ) .

( ٣٠ ) صحيح البخاري (باب الصلاة خلـف النـائم) رقم: ٤٩٠، و (باب التطوع خلف المرأة) رقم: (٤٩١).

بیویستایه نوێژی ویتر ئەنجام بدات منیشی بە خەبەر دەهێنا، منیش نوێژی ویترم دەکرد .

**حەوتەم: جاری واش هەبوو دارێکی بە زەوی دا دەچەقاند:**

( **أبو جحيفة** ) فەرموویەتی:

" خرج رسول الله ﷺ بالـهاجرة إلى البطحاء فتوضأ فصلى الظهـر ركعـتين والعصر ركعتين وبين يديه عنـزة [٣١] .

واتە: ڕۆژێکیان لە گەرمەی نیوەڕۆدا بوو پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لامان، لە سەیلاوی مەککەدا، و ئاوی دەست نوێژیان بۆ هێنا، و ئەویش دەست نوێژی شوشت، و نوێژی نیوەڕۆی بە دوو ڕکات، و نوێژی عەسریش بە دوو ڕکات پێکردین، لە پێش دەستیدا دارێك چەقێنرابوو بە زەویدا، بۆ ئەوەی ببێت بە سوترە .

وە (**أنـــس**) ی کـــوڕی (**مالـــك**) دەفەرمووێت:

" كان النبي ﷺ إذا خرج لحاجتـه، تبعته أنا وغلام ومعنا عكازة أو عـصا أو عـ ة ومعنا إداوة فإذا فرغ مـن حاجتـه ناولناه الإداوة " [٣٢] .

واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئەگـەر دەربچوایە بۆ سەر ئاو ئەوا من و لاوێکی تر شوێنی دەکەوتین، و لە گەڵ خۆماندا دارێکمان پێ بوو لە گەڵ دۆڵکە ئاوێك، جا ئەگەر سەر ئاوەکەی تەواو بکردایە، دۆڵکە ئاوەکەمان پێ ی دەدا .

**دووری نێوان نوێژکەر و سوترەکەی:**

پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژەکەیدا: " كان ﷺ يقف قريبا من السترة فكـان بينه وبين الجدار ثلاثة أذرع " [٣٣] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نزیك لە بەربەستەکەی ڕادەوەستا، و دووری نێوان ئەو و ئەو دیوارەی کە کردبووی بە بەربەست سێ باڵ دەبوو " .

هەروەها دەیفەرموو:

" إذا صلى أحدكم إلى سترة؛ فليدن منها، لا يقطعن الشيطان عليه صلاته " [٣٤] .

---

( ٣١ ) صحيح البخاري (باب الـصلاة إلى العنـزة) رقم: (٤٧٧)، وصحيح مسلم رقم: (٥٠٣) .

( ٣٢ )صحيح البخاري (باب الصلاة إلى العـ ة) رقـم: (٤٧٨).

( ٣٣ ) رواه البخاري وأحمد .

( ٣٤ ) قال العلامة الألبـاني:رواه أبـو داود والبـزار ( ص٥٤ ـ زوائده ) والحاكم وصححه ووافقه الـذهبي والنووي.

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە ڕووەو بەربەستیك نوێژی کرد، با لێ ی نزیك بێتەوە، نەوەك شەیتان نوێژەکەی پێ ببڕێت.

کەواتە نوێژکەر دەبێت نزیك لە سوترەکەی بوەستێت، بە بڕی سێ باڵ، بۆ ئەوەی کەس بە پێشیدا تێپەڕ نەبێت.

## دووری نێوان سوترە، و شوێنی سوژدەی نوێژکەر:

پاش ئەوەی کە دووری نێوان نوێژکەر سوترەکەی لە بڕگەی پێشوودا باسکرا، بابزانین دووری نێوان شوێنی سوژدەی نوێژکەر وسوترەکەی چەندە؟

**(سهل بن سعد الساعدي)** رضي الله عنه دەفەرمووێت: " كان بين مصلى رسول الله ﷺ وبين الجدار ممر الشاة "[٣٥].

واتە: لە نێوان شوێنی سوژدەکەی و ئەو دیوارەی کە کردبووی بە بەربەست ڕێڕەوی شەکێك بوو .

(٣٥) صحيح البخاري (باب قدر كم ينبغي أن تكون بين المصلي والسترة) رقم: (٤٧٤)، وفي صحيح مسلم قال: " بين موضع سجوده والجدار مر شاة " (باب دنو المصلي من السترة) رقم: (٥٠٨) .

## تاوانی تێپەڕ بوون بە مەودای نێوان سوترە و نوێژکەردا :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " لو يعلم المار بين يدي المصلي، ماذا عليه، لكان أن يقف أربعين،خيرا له من أن يمر بين يديه"[٣٦].

واتە: ئەگەر ئەو کەسەی کە بەبەردەست نویژکەردا تێپەر دەبێت بزانێت چەند تاوانی لە سەرە، ئەوا ئەگەر چل بووەستایە زۆر باشتر بوو بۆی لەوەی کە بەبەر دەستی دا بڕوات .

**(أبو النضر)** دوای گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیە فەرمووی:

" لا أدري أقال: أربعين يوما أو شهرا أوسنة" [٣٧].

واتە: نازانم ووتی چل ڕۆژ، یان چل مانگ، یان چل ساڵ .

(٣٦) صحيح البخاري (باب إثم الإشارة بين يدي المصلي) رقم: (٤٨٨)، وصحيح مسلم (باب منع الإشارة بين يدي المصلي) رقم: ( ٥٠٧)، وهذه الرواية لابن خزيمة (١/ ٩ ).

( ٣٧) صحيح مسلم (باب منع الإشارة بين يدي المصلي) رقم: (٥٠٧) .

پێشەوا (**النووي**) لە باسی سوترەدا فەرمویەتی:" ويحـرم المـرور بينـه وبينها "(٣٨).

واتە: ڕۆیشتن حەرامە بە نێوان نوێژکەر و سوترەکەیدا .

پرسیار کرا لە ( **دەستەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوە زانستی یەکان و فەتوا** ):

**پرسیار:** ئایا ڕۆیشتن بە پێش دەستی نوێژکەردا لە مزگەوت دروستە، یان نا؟

**وەڵام:** ڕۆیشتن بە پێش دەستی نوێژکەردا دروست نیە، جیاوازیش نیە لەوەی کە سوترەی دانابێت، یان دایەنابێت، لە بەر گشتێتی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا فەرموویەتی:

" لو يعلم المار بين يدي المصلي ما اذا عليه، لكان أن يقف أربعين، خيرا له من أن يمر بين يديه "، ... (٣٩).

(٣٨) شرح صحيح مسلم ( ٤ / ٢١٧ ) .

(٣٩) موسوعة فتاوى اللجنة والإمامين الفتوى رقم: (١٧٥٢).

وە پرسیار کرا لە شێخ (**فوزان**) ـ خوای پەروەردگار بیپارێزێت ـ سەبارەت بە سزای ئەو کەسەی کە بە پێش نوێژی نوێژکەرێکدا تێپەڕ دەبێت، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

**پرسیار:** سزای ئەو کەسە چیە کە بە پێش نوێژکەرێکدا تێپەڕ دەبێت، ئەگەر بە عەنقەست بێت، یان نا؟

**وەڵام:** تێپەڕبوون بە پێش نوێژکەردا حەرامە و بە توندی قەدەغە کراوە، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی:

" لو يعلم المار بين يدي المصلي ما اذا عليه لكان أن يقف أربعين خيرا له من أن يمر بين يديه "، یان بەو شێوەیەی کە فەرموویەتی، خوای پەروەردگاریش زاناترە (٤٠) .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

(٤٠) المنتقى من فتاوى الشيخ الفوزان السؤال رقم:(٤١)